The Centre of Halabja
*Against Anfalization and Genocide of the Kurds*
C.H.A.K
www.chak.info

Nawendî Helebce
*Dij be Enfalkirdin u Cînosaydî Gelî Kurd*
ÇAK
contact@chak.info

## با یادی 27 ساڵەی تاوانی قارنێ بکەینە ڕۆژی ناڕەزایەتی گشتی دژ بە کۆماری ئیسلامی ئێران لە کوردستان و هەندەران

## 2 ی سێپتەمبەر , ڕۆژی جینۆسایدکردنی گەلی کورد لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان

**جەماوەری گەلەکەمان**
**هێزە سیاسییەکان**
**ڕێکخراوە کۆمەڵایەتی و ڕۆشنبیری و جەماوەرییەکان**

کۆماری ئیسلامی ئێران لە تەمەنی نەگریسی 27 ساڵەی خۆیدا , سەدان تاوانی بەرامبەر گەلەکەمان ئەنجام داوە . سەدان هەزار لە ڕۆڵەکانی گەلەکەمانی بە کۆمەڵ کوشت و بڕ کردووە . ئەو تاوانانەی کە بە نوێژی نیوەڕۆ ئەنجام دراون , یاخود ئەو ئیعدامە بە کۆمەڵانەی لەسەر شاشەی تەلەفزوێن نیشان جەماوەر دران ,یاخود وێنەیان گرترا ئەوەندە زۆرن لە ژماردن نایەن .
تاوانی قارنە لە پاڵ تاوانەکانی قەڵاتان و ئیندرقاش و وسوکەند , بەشێوەی دڵڕەقانەتر لە هەموو تاوانەکانی دیکە ئەنجام دران , قوربانیەکانیشی ژن و مناڵ و پیر و پەکەوتە و کەسانی سقێل بوون , بە هەموو پێوەرێک ئەو تاوانانە دەچنە خانەی تاوانی جینۆسایدەوە .
ئێمە بانگەوازتان دەکەین, با هەموو پێکەوە ڕۆژی کارەساتی قارنە کە بەرواری 2 سێپتەمبەرە , بکەین بە ڕۆژی دادگاییکردنی کۆماری ئیسلامی ئێران , ڕۆژی دژایەتیکردنی جینۆساید کردنی کورد لە کوردستانی خۆرهەڵات , ڕۆژی ناساندنی کۆماری ئیسلامی ئێران وەک دەوڵەتی ئەنجامدەری کۆمەڵکوژی بەرامبەر بە گەلی کورد .
پێویستە ساڵانە لەو ڕۆژەدا یادی تەواوی تاوەنەکانی کۆماری ڕەشی ئیسلامی ئێران بەرامبەر گەلی کورد بکەینەوە , بۆ ئەوەی لەم ڕێگەیەوە تاوانەکانی ئەم دەسەڵاتە ڕەشە بە کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی بناسێنین , کارێک بکەین ئەم تاوانبارانە و سەرجەم تاوانبارانی دیکە , نەتوانن بە ئارەزوی خۆیان گەلەکەمان قەسابی بکەن .
دەبا بۆ یادکردنەوەی ئەم ساڵ , 2-9 ڕۆژی جینۆساید کردنی کورد لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان , یەکگرتووانە تواناکانمان یەکخەین بۆ ناساندنی تاوانەکانی ڕژێمی کۆماری ئیسلامی ئێران , بە بیروڕای جیهانی و ناڕەزایەتی دەربڕین بەرامبەر بە کۆمەڵ کوژییەکانی .
با یاد کردنەوەی ئەمساڵمان لە ئاست مەزنیی قەوارەی تاوانەکەو قوربانییەکانی گەلەکەمان بێت.

ئەمساڵ لە کاتێکدا یادی ئەم کارەساتە دەکەینەوە , جەماوەری کوردستان چەندین جار ڕاپەڕیون , هەموو جارەکان نارەزایەتییەکان خەڵتانی خوێن کراون , هەروەها یەکێک لە جەلادانی گەلەکەمان (ئەحمەدی نەژاد ) بووە بە سەرۆک کۆماری ئێران , درندەیی ئەو هەر بەوەندەوە نەوەستاوە کە وەک پاسدارێک ڕۆڵەکانی گەلەکەمانی لە سەدان تاوانی وەک قاڕنێ کۆمەڵکوژی کردووە , بگرە لەو دیو سنووریشەوە , نەخشی کێشاوە بۆ تیرۆرکردنی تێکۆشەران و نەیاران ,تاوانی شەهید کردنی د.عەبدوالڕەحمان قاسملو یەکێکە لەو تاوانانە . بۆیە ئەرکمانە ئەمساڵ هەموو بەیەک دەنگ لە یادی کارەساتی قاڕنێ تواناکانمان یەک خەین بۆ بەدادگایی گەیاندنی بکەرانی ئەم تاوانانە و هەوڵدان بۆ دابین کردنی ناوچەیەکی داماڵراو لە زوبروزەنگ بۆ هاووڵاتیان لە کوردستانی خۆرهەڵات ,

ناوەندی چاک وەکو ساڵانی پێشوو , لە ئاستی نێو دەوڵەتی بۆ شەرمەزارکردنی کۆماری ئیسلامی ئێران یادی کارەساتی قاڕنێ دەکاتەوە, بانگەوازی هەموو لایەک دەکات بۆ کاری هاوبەش .

یادکردنەوەی ئەمساڵی کارەساتی قاڕنێ کاریگەری زۆری دەبێت لەسەر ناساندنی ئەو دەسەڵاتە وەک تاوانباری جینۆسایدکردنی گەلەکەمان .

**ناوەندی هەڵەبجە دژ بە ئەنفالکردن و جینۆسایدی گەلی کورد –چاک**

**2006–5–21**

**www.chak.info**

**Chak_org@yahoo.com**